# دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کیژۆڵان

نەوال سەعداوی
و: ئارەزوو سابیر


نەوال سەعداوی

منداڵان کاتێ لەتەندروستییەکی تەواو و ئاسایی لەدایک دەبن، هەست دەکەن کە مرۆڤێکی کامڵ و ئاسایی و رێک و پێکن، بەڵام ئەم هەستە بۆ کچان بەشێوەیەکی تر دەکەوێتەوە، هەر لە ساتی لەدایکبوونەوەو بەر لەوەی کە زمانی گۆ بکات و دوو قسە فێر ببێ، کچە وا هەست دەکات کە چۆنیەتی روانینی خەڵک و دەوروبەر بۆی، گوزارشت و دەربڕینی نێوچاویان و روانینە تیژەکانیان وەک ئەوەی کە راوی نێچیر بکەن، هەر هەمووی ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو کچە ساوایە، بەتەواوەتی لەدایکبووە و

کەموکوڕییەکی هەس، لێرەدا، پرسیارێک هەر لە بێشکەوە تا ڕۆژی مردنی (ناو گۆڕ) بەدوایەوە دەلکێ: (بۆچی؟). بۆچی براکەی بەسەریدا فەزڵ دەکرێ و بەچاوێکی تر سەیری ئەو دەکەن؟ لەکاتێکدا هەردووکیان یەکسانن و تەنانەت کچە لە زۆر ڕووەوە یا لانی کەم لە هەندێک ڕووەوە لە براکەی سەرکەوتووترە ؟

یەکەم دەستدرێژی کە کچ لەنێو کۆمەڵگادا دەکرێتە سەری، ئەو هەستەیە کە خەڵک پێشوازی لێ ناکەن بۆ سەر دنیا لەنێو زۆر خێزاندا، بەتایبەتی لە دێهاتەکاندا، ئەم ساردی و بەسووک سەیرکردنە زیاتر دەبێ کە شتێک لە دڵتەنگی و خەم و پەژارە، نێو خێزانەکە دەگرێتەوە، تەنانەت دەگاتە ڕادەی سزادانی دایکان، بە قسەی سووک و ناڕەوا جنێو و شەپازلە لێدان، تەنانەت تەلاقدانیش. یەکێک لە مامۆژنەکانم بینی چەندان شەپازلەو شەقی مزری خوارد، هەر لەبەر ئەوەی بۆ سێیەم جار دەچێ (مێینە)ی بووەو تاقە کوڕێکی نەبووە، بەڕێکەوتیش گوێم لە مێردەکەی بوو هەر هەڕەشەی تەلاقدانی لێدەکرد ئەگەر جارێکی دی لەجیاتی کوڕ کچی ببێ. باوکەکە تا ئەو ڕادەیە ڕقی لەم کچە ساوایە دەبۆوە، کە وای لێهات بەردەوام سەرکۆنەی ژنەکەی بکا و جنێوی پێبدات ئەگەر بەباشی چاودێری و پەروەردەی منداڵەکەی بکات و تەواو مەمکی بداتێ منداڵە کچەکە بەر لەوەی (٤٠) ڕۆژ تەواو بکا گیانی دا... جا نازانم ئەو ساوایە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و گوێپێنەدان مرد یاخود دایکی دەستی لە هەوکی ناوەو خنکاندوویەتی تاکو ڕزگاری بێ و بحەسێتەوە.

ڕێژەی مردنی منداڵان لە زۆربەی گوندەکانی وڵاتانی عەرەبیدا بەبەرزی دەمێنێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی نزمی ئاستی ژیان و گوزەران و پەروەردەو خوێندنەوەیە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ کچان بە بەراورد بۆ کوڕان زۆر بەرزتر دەبێتەوە، هۆی ئەمەش زۆرجار لە کەمتەرخەمییەوە دەبێ، بەڵام ئەم دۆخە لەهۆی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و خوێندنەوە ڕوو لە هەڵکشان دەبێ، هەروەها جیاوازی لە ڕێگەی مردنی زارۆیان بۆ کوڕان و کچان بەخێرایی کەم دەبێتەوە. ڕەنگە کچۆڵەیەک لەنێو ئامێزی خێزانێکی خوێندەوار و هوشیاردا کەمتر ڕووبەڕووی دڵتەنگی بێتەوەو گەرمتر و مرۆڤانەتر پێشوازی لێ بکرێ، بەڵام ئەو ساتەی منداڵەکە دەست بەگاگۆڵە دەکات یا تازە دەکەوێتە سەرپێیان، ئەوەی دەخەنە بەر گوێی کە ئەندامانی زاوزێی، دەبێتە مایەی مەترسی و بە ترس و سڵەمینەوە و (بڤە) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بەتایبەتیش ئەو ئەندامۆچکەی کە لە دواڕۆژی ژیانیدا بەپەردەی کچێنی ناوی دەبەن.

لەبەر هەندێ کچان لەبارودۆخێکی پڕ لە ترس و وریاکردنەوە پەروەردە دەکرێن. بەتایبەتی بۆ ئەوەی پەیوەندی بەدەرکەوتنی یا بەرکەوتنی (دەستلێدان) ئەندامەکانی سێکسییانەوە هەیە، هەر ئەو کاتەی کە دەستی کچۆڵەیەک، بە هەستکردن یا بەدەست لێدان لە ئەندامە سێکسییەکانەوە، لە ساتەکانی دۆزینەوە یان زانین و ناسینیدا کە زۆر بەئاسایی و تەندروستی

لای هەمــوو منداڵێـک ڕوودەدات، ئەمـە ڕێگەی زانین و ناسینیان بۆ شتەکان بەرجەستە دەکات.. تا ئەو دەمـەی خـێـرا بە شـەپازلەیەکی توندی، بەدەستی دایکە وریا و هۆشیارکەرەوەیە هەندێ جاریش لەلایەن باوکییەوە سزا دەدرێ. لەوانەشە ئەو منداڵە لەپڕ شـەپازللەیەکی بەردەم و چاو بکەوێ، وەلێ دایک و باوکی زاناو هۆشـیـــار ڕەنگە تەنیـا بەخـێـرا وریاکـردنەوەیەک، یا بە وشەیەکی تیژ کارەکە ببڕێننەوە.

فێربوون و پەروەردە لە کۆمەڵگای عـەرەبیدا، بریتـــیـــە لە زنجـیـــرەیەک لە ئاگـاداری و وریاکــردنەوەو سـڵکردنەوەی بەردەوام، بۆ ئەو شـتـانە کـەوا دەزانرێ زیانبـەخش و بـقـەن، یا قـەدەغـە و حـەرامکراون، یا ناشـیـرین و ناڕەوا و شـەرمـەزارییـە یا کـار لەبەر ئەوەی لەسـەر شاردنەوەو خەفـەکردنی حـەزو ئارەزووەکـانیـان پەروەردە دەکـرێن. پاشـان بەتاڵکردنی خـود لە حـەزو ئارەزووە پێـداویسـتـیـە راسـتەقـینەو بنەڕەتییەکان کە پەیوەستە بە خودییەوە تا ئەو بۆشـاییـە کـەبەحـەزی ئەوانیـتـر دروست بووە پڕ بکرێتەوە لەبەر ئەوە فێـرکـردن و پەروەردەکـردنی کـچـان بۆ پرۆسـەیەکی لەناوبردن و ڕووخـاندن دەگــــۆڕێت، یا بـۆ خنکـانێـکی پـلە پـلەیی (تدریجی) بۆ بیرو کەسایەتییەکەی دەگۆڕێت بەجــۆرێک تەنـهـا دیوی دەرەوەی بەسـاغی دەمێنێـتەوە، تا دەبێتە قالبێکی بێ ژیان و کە خوێن و گۆشت و ئێسقانی تێدابێ وەک بووکە شووشەیەکی پلاستیکی کە بەقورمیش کار بکا دەجوڵێتەوە.

ئەو کـچەی کە کـەسایەتی و ئەقڵ و توانای بۆ بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆ ونکردبێ، دواجار هەر فـەرمـانێکی پێ بدەن جـێـبـەجـێی دەکـات و گوێڕایەڵی دەکات تا دەبێتە بووکە شووشـەیەک بەدەستییانەوەو بەقوربانییـەک بۆ بڕیارەکانیان. ئێستا ئەمانە کێن (ئەوانی تر) کە ئێمە باسیان دەکـەین؟ ئەوانە نێرینەکـانی نێو خێزانەکـەین، هەندێ جاریش لە دەرەوەی خێزان کە قۆناغێک لە قـۆناغـەکانی ژیاندا هامـوشـۆی یەکتـر دەکەن، ئەم نێرینانە کە تەمەنیان (لەنێوان زارۆکایەتی تا قـۆناغی پیـربوون) هەمــووشـیـــان باکگراوندی جیـاوازیان هەیە، تەنیـا لە شـتـێکدا هاوبەشن، ئەوانە قـوربانی کۆمەڵگایەکن کە ڕەگـەزی نێر و مێ لەیەکتر جیادەکەنەوە. سێکس لایان گوناه و شــەرمــەزارییــە، دەبێ هەر لە چوارچێـــوەی گرێبەندێکی ڕەسمییەوە پەیڕەو بکرێ، دوور لەم چوارچێـوە باوە ڕێگەی پێدەدرێ بۆ ئەنجـامـدانی پەیوەندی سێکسی، کـۆمـەڵگا سـێکسی کـردن بەهەموو شێوەیەک (جگە لە خەوبینینی شەوانە) هەمــوو ڕێگایەک لە هەرزەکــاران و جـحـێــڵان قەدەغە دەکا.. ئەمەش وەک ئەوەیە کە قوتابخانە دواناوەندییەکانی میسر، فێری هەرزەکاران دەکا لە بەشـێک بە ناونیـشـانی (داب و نەریتـەکـان) هەر لێـرەشــدا ڕوونکراوەتەوە کــە دەســپـــەڕ قـەدەغـەیە، چونکە زیانبـەخشـە، تەنانەت وەک ئەوە وایە کـە لەگـەڵ سـۆزانییـەک جووت بووبێ، لەبەر ئەوە گـەنجـان، هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نیـیـە، جگە لە چاوەڕێکردن (بەرۆژووبوون). تا بتوانن ئەو برە پارەیە کۆبکەنەوەو بتوانن (بەپێی

شەرع) و ئایین و فەرموودەکانی پێغەمبەر هاوسەرگیری بکەن.

وەلێ بەوپێیەی کە پاشەکەوتکردنی بڕێک پارە (کەم یا زۆر) لە لایەن گەنجێکەوە ئەمە چاوەڕوانییەکی زۆری دەوێ چەند ساڵێک لە خوێندن و کارکردن دەخایەنێ، بەتایبەتی لە شارەکاندا، بۆیە تەمەنی هاوسەرگیری بەبەراورد لەگەڵ لادێکان زیاتر بەرز بۆتەوە، چونکە کوڕو کچانی خێزانە دەوڵەمەندەکان دەتوانن زووتر زەواج بکەن، بەڵام بۆ گەنجانی تر ئەو فاکتەرە ڕێگرەکان سەرباری خوێندن و کار پەیداکردن لە چەند ڕوویەکی دیکەوە خۆی دەنوێنێ، وەک بەرزبوونەوەیەکی زیادی لە بڕە پارەی گوزەران و نەبوونی کونجە خانوو و گرانی کرێی خانوو. ئەنجامیش زیادبوونی ژمارەی ئەو لاوانەیە کە بەهۆی گرفتی ئابوورییەوە ناتوانن زەواج بکەن. تا لە ئەنجامدا دەبێتە فراوانبوونی جیاوازی نێوان زوو پێگەیشتنی بایۆلۆجی و پێداویستییان بۆ سێکس لەلایەکەوە پێگەیشتنی ئابووری دەرفەتیان بۆ زەواج لەلایەکی دیکەوە.. بەپێی ئەم جیاوازییە بەڕێژەیەکی مامناوەندی بۆ ١٠ ساڵ قووڵ دەبێتەوە لەبەر ئەوە ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدا گەنجان چۆن پێداویستییە سێکسییەکانیان لەم ماوەیەدا بەئاسانی تێر بکەن. لە کۆمەڵگایەک لە مەترسی دەستپەڕ لێدان ئاگاداریان دەکاتەوەولایان قەدەغە دەکا، چونکە زیانی بۆ جەستەو عەقڵ هەیە، جگە لەڕێپێنەدان لە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ سۆزانییەک بەهۆی مەترسی بۆ تەندروستی و نەخۆشییەوە، بەتایبەتیش لەگەڵ خێرا بڵاوبوونەوەی چەندان نەخۆشی ئەندامەکانی زاوزێ، چونکە سۆزانی وبەرەڵایی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا بەپێی یاسا قەدەغەیە سەرباری گرانی پارەی سۆزانییەک کە ئێستا ئەویش بۆ زۆربەی گەنجان پارەیەکی زۆرە، هەروەها کۆمەڵگاش بەتوندی بەرپەرچ و ڕێگری لە پەیوەندی سێکسی لە نائاسایی و لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری دەکا.

ئەمەش لاوان بێ چارەسەرکردنی هەموو کێشەو گرفتەکانیان دەهێڵنەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کوڕ یا پیاو لەم کۆمەڵگایە تەنیا کچێک، کە لەبەردەمیایەتی، خوشکە بچووکەکەیەتی لە زۆربەی ماڵەکان کچ لە پارچەیەک دەخەوێ کە لە تەنیشت براکەیەتی یا لە نزیک یا لە هەمان چەرپا و پێخەف، دەستی براکەی بەردەستی دەکەوێ کەکچەکە لە شیرین خەودایە، یا بەخەبەرە، جیاوازییەکی وا زۆر لە هەردوو دۆخەکەدا نییە، چونکە کچە ناتوانێ بەرامبەر براگەورەکەی بوەستێ، ئەمەش بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی کە عورف و یاسا ڕێگەی پێداوە، یا ترسی لە خێزانەکەی یا لە ئەنجامی هەستێکی قووڵی بەتاوان و کوناه، کە لەڕاستییەکەوە هەڵدەقوڵێ کە هەندێک چێژ و لەزەتی لەدەست بەرکەوتن بینیووە، یا لەبەر ئەوەی ئەو تەنیا کچۆڵەیەکە توانای تێگەیشتن و دووککردنی تەواوی نییە بەوەی چی لێی ڕوواوە. زۆربەی کچان دووچاری ئەم جۆرە ڕووداوانە یا لەشێوەیا

زۆر جیاوازتر دەبنەوە، ئەمەش بەپێی بارودۆخی نێرینە. مەبەست لەنێرینە (کور)ە یا برایە یا کورە خاڵ و کورە مامە،. یا خاڵ یاکو باپیرو تەنانەت باوکیش ئەگەر هەر تاکێکی خێزانەکەش نەبێ ئەوا رەنگە پێناو یا دەرگاوان یا پاسەوانی باڵەخانە یا مامۆستا یا کورە دراوسێ یا هەر پیاوێکی تر.

چەندان رووداوی دەستدرێژی لەم جۆرە بێ بەکارهێنانی هێز (بێ پەنابردنە بەر هێز) روودەدا، بەڵام ئەگەر کچە گەورەو پێگەیشتوو بوو، ئەوا بەرهەڵستی دەکا، لەم کاتەشدا دەستدرێژیکەر پەنا دەباتە بەر رەفتار ناسکی و نەرمونیانی و فێڵ.. یا هێزی جەستەو بازوو. زۆربەی جاریش کچە دێتە ژێر بار و ملکەچ دەبێ و دەترسێ سکاڵا بۆ کەسێ بکا، چونکە سزاکە ئەگەر هەبوو لەکۆتاییدا هەر بەسەر ئەودا دەشکێتەوە. تەنیا ئەوە نامووس و کەرامەت و کچێنی (پاکیزەیی)ییەکەی لەدەست دەدا، بەڵام پیاوەکە هیچی لەدەست ناچێ. گەورەترین و توندترین سزاش کە بێتە رێی (ئەگەر تاکێکی نێو خێزانەکەی بێت) لەوە زیاتر نییە کە بیخوازێ و ببێتە هاوسەری. زۆربەی خەڵک وا دەزانن کە ئەم جۆرە رووداوانە زۆر دەگمەنن یا نائاساییە، بەڵام لەراستیدا ئەمە زۆر روودەدا، بەڵام بەپەردەپۆشی و شاراوەیی دەمێنێتەوە، یا لەنێو قووڵایی دەروونی کچەکە دەمێنێتەوە، چونکە جورئەت ناکات بەیەکێک بڵێ چی بەسەر هاتووە، وەک چۆن پیاو پیاو دان بەوەدانانێ کەچی بەسەر ئەو کچە هێناوە، بەو پێیەی کە ئەم جۆرە دەستدرێژی و لاقەکردنە سێکسییانە عادەتەن بەزۆری لەگەڵ کچی بەتەمەن بچووک (کچۆڵە) یا گەورەتر (پێگەیشتوو) روودەدات. ئەوا لەرێگەی پرۆسەیەکەوە کە پێی دەوترێت (لەبیرکردنی یادگارییەکانی کاتی منداڵی) لەیاد دەکا. یادگەی مرۆیی توانایەکی ئاسانی هەیە بۆ لەبیرچوونەوەی ئەو شتانەی کە ئارەزووی لەبیرچوونیان دەکا، بەتایبەتیش ئەگەر پەیوەندی بەرووداوی ئازاربەخش (زیانبەخش) بێ یا پەشیمانی و هەست بەتاوانکردنی لەگەڵدابێ، ئەمەش بەتایبەتی بۆ هەندێ رووداوی دیاریکراوی کە لە قۆناغی زارۆکایەتی ئەنجام دەدرێ، کە کەس نەیدۆزیتەوە، بەڵام ونکردنی یادەوەری لەزۆربەی کاتەکاندا تەواونابێ، چونکە شتێک بەشاراوەیی لە نەست (نائاگایی) دەمێنێتەوە لەوانەشە بۆ سەر چینی سەرەوە (رووکار) بۆ هەر هۆیەک، یا لەمیانەی تەنگژەیەکی ژیری یا مەعنەوی دەربکەوێ.

**سەرچاوە**

المرأة و الجنس في المجتمعات الاسلامية اعداد بينار ايلكاركان. ترجمة معين امام. دار المدى للثقافة و النشر ط١ سنة ٢٠٠٤ ص ٣٢٦-٣٣١